www.kurdistannet.org
29-4-2003 18:39

# ئەزمونی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقو بێئاگایی بانیخێلآنی !

سامان کەریم
zaryak@yahoo.com

یاسین بانیخێلآنی ٢٠٠٣/٤/٢٥ لە ماڵپەری کوردستان نێتدا نوسینێکی بلآوکردۆتەوە، لە ژێر ناوی " حکكو ئەزمونی چەواشەکردنی ڕاستییەکان"دا، لە راستیدا ئەم نوسینە پێویستی بەوەڵام نەدەبوو ئەگەر تۆمەتو بێئاگاییەکانی بانیخێلآنی نەبوایە. بی خەبەری لە هەلومەرجی ١٢ساڵی ڕابوردوی ململانی ی سیاسی لە کوردستان، بی ئاگایی موتڵەق لە سیاسەتو بەرنامەی حزبێك کە بە حسابی خۆی جێگای ڕەخنەیەتی ، زەلیلی تەواو لەباری سیاسییەوە، نەبونی درك بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی نێوان ئەحزابی سیاسی و بزوتنەوە کۆمەلایەتیەکان و ئەوزاعی کۆمەلگا. . . ئەمە بەجیا لەوەی نوسینەکەی بانیخێلآنی هیچ کۆپلەو بڕگەیەکی پەیوەندی نی یە بەیەکەوەو بە بنکەشیش دیوار ڕێژو هاوئاهەنگ ناکرێت، هەر بۆیە خۆی داوە لەهەمو باسێك بێئەوەی باسێك بکات. لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەم دوو محوەر کە من پێم وایە پێویستە بۆ خوێنەران ڕۆشن بێتەوە باس دەکەم و لەهەمانکاتدا ئاماژە بە بی خەبەری بانیخێلانیش دەکەم لە و " ناراستییانە"ی کە خۆی بەراستیان دەزانێت بە ئاگای دەهێنمەوە.

**<u>*هاوتاکردنی ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی بەخەلك و کۆمەڵگای کوردستان :</u>**

محوەرێکی بناغەیی تێڕوانینی بزوتنەوەی کوردایەتی ( ناسیونالیزمی کورد) بۆ ئینسان بەگشتی لە دەریچەی کوردبونەوە سەرچاوە دەگرێت، لەم ڕوانگەیەدا یان دەبێت کوردبیت و زمانت کوردی بێت ئینجا ئینسان بونت بۆ ڕەوا دەبینرێت، ئەگەر نا ئەوا قەتل‌وعامکردن‌و کوشتن‌و ئیعدام کردن‌و داپلۆسین‌وتیهەڵدان بی مافی و زەوتکردنی مافەکانت‌و ورگ هەڵدرینت و. . . هەر هەموویان و بەپی ی هەلومەرجی جیاواز بە نسیبت دەبێت. بەم پی یەو لەم ڕوانگەیەوە ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی هەمیشە تەواوی خەڵکی کورد زمانیان ڕاستەخۆ بە تابعو پاشگری خۆیان زانیوە و وەك کوێخای خەڵکی کوردستان‌و بی گوێدانە بڕیارو بۆچونی ئەوان گەورەترین کارەسات‌و تراژیدیای ئینسانیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناوە. " ئینسانی کورد زمان"لای حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بۆ ئەوە خەلق بوە کە ببێتە ئیزافەی سیاسەت و کارنامەی ئەوان، وتیان شەڕی شاخە دەبێت شەڕی شاخ بێت وتیان ئاش بەتاڵ دەبێت ئاش بەتاڵ ببێت، وتیان سوپای تورکیا بێت بۆ ناوجەرگەی کوردستان دەبێت خەڵکی کوردستان ڕازی بێت، وتیان جمهوری ئیسلامی ئێران بێت تاکو شاری کۆیە، دەبێت خەڵکی کوردستان ڕازی بێت وتیان سوپای حکومەتی بەعس بێتە هەولێر دەبێت بێت‌و خەڵکیش رازی بێت، وتیان ئیسلامیەکان، ئیسلامی کوردن‌و معتدلن دەبێت خەلك نەڵێت ئیسلامیەکان تیرۆریستن، کاتێك وتیان تیرۆریستن، دەبێت خەلك بلێت تیرۆریستن. . . خۆ ئەگەر کەسێك یان لایەنێك یان حزبێك وەلآمی " نا"ی دایەوە بەم حزبانە، ئەوا بەناچار دوچاری ململانی و کێشمەکێشیکی فراوانی سیاسی و سەربازیش دەبێت. هەموو ئەم تاوانە گەورانەش بەنێوی خەڵکی کوردستان‌و لەپێناو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا پڕوپاگەندەی بۆ کراوەو ئێتساش بۆی دەکرێت، ئێستاش بە یەکێتی و پارتی بلی بۆ سوپاکانی ئێران‌و تورکیاو حکومەتی بەعستان هێنایە نێو کوردستانەوە، بۆ شەڕی نێو خۆتان هەڵگیرساند، دەڵێن بەرژەوەندی خەلکی کوردستان وای پێویست دەکرد! مەسەلەکە بۆ ئەوان وە لەڕوانگەی ئەوانەوە ئەوەیە کە هەموو بەرژەوەندی " ئینسانە کوردزمانەکان" پێویستە ناسیونالیزمی کوردو بەم پی یەش حزبەکانی ئەوان دیاری بکات. ڕوانگە ناسیونالیزمی کورد لە ئەزمەو جەنگی خەلیجەوە واتە لە ١٣ ساڵ لەمەوبەرەوە بەشێوەیەکی ڕۆشن، هەموو پێوانەو پرنسیب و فەرهەنگێکی ئینسانی پیوە نەماوەو لی ی داماڵدراوە، " رزگاربونی نەتەوەی کورد" ئەو مانشێتە سیاسیە بوە کە لەپێناویدا خۆشی و شادی " نەتەوەی بەرامبەر یان زمانەکانی تری بەرامبەر" وە هەروەها خودی خەڵکی کوردستانیش، وردو خاش کراوەو هەموو ڕێگایەك گیراوەتە بەر لە پێناو جێبەجێکردنی ئەو بەرژەوەندی یەدا، کە لەراستیدا تەنها بەرژەوەندی ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی بوەو هیچی تر لە پێناو گەیشتن بە دەسەلات‌و بون بەبەشێك لە دەسەلاتی مەرکەزی لە عێراقدا، سیاسەتی ئەوان کە ئێستا گرتویانەتە بەر هەر لەم ڕێگایەدایەو پەیوەندی نی یە بە رزگاربونی یان رزگارکردنی خەڵکی کوردستان لە ستەمو چەوسانەوەی نەتەوەیی . بەلآم لەکۆمەڵگای کوردستاندا وەك هەر کۆمەڵگایەکی تری جیهان سیاسەت‌و فەرهەنگ‌و بزوتنەوەو ئەحزابی سیاسی تر وجودیان هەیە، لەپاڵ فەرهەنگی شاخی و عەشیرەتی کوردایەتی یدا، لەپال فەرهەنگ سیاسەت‌و کۆنەپەرستی ئیسلامیدا، فەرهەنگی مۆدیرنی ئینسانی و سکۆلارو مەدەنیەت لەنێو کۆمەلگادا ریشەیەکی قوڵی هەیە، خواست‌وداواکاری ئینسانی وهیواو ئارەزوی ئینسان بۆ رزگار بون لە قەهرو سەرکوت‌و فەرهەنگی

کۆنەپەرستانەو باوەڕبون بە گۆرینی دنیایەکی شادو خۆش، کە تیایدا ئینسان ئازادو یەکسان بژین، دیاردەیەکی فراوان‌و قوڵە لەکوردستاندا، کۆمۆنیزمی کرێکاری سەر بەم ڕەوت‌و بزوتنەوەیەیە.

بانیخێلانی دروست هەمان لێکدانەوەی ناسیونالستەکانی هەیە بۆ خەڵکی کوردستان، ئەویش لە تەواوی ٦ لاپەرەکەیدا، ناسیونالیزمی کوردو حزبەکانی بەهاوتای خەڵکی کوردستان گرتوەو جیاوازیەك دانانێت یان قایل نی یە جیاوازییەك دابێنیت، لە نێوانیاندا، ئەمەش پێچەوانەی راستی یەو مێژوی ١١ساڵەی فەرمانڕەوایی یەکێتی و پارتی بە ڕۆشنی بەرژەوەنی خەڵکی کوردستان دەخاتە خانەی جیاوازی بەرژەوەندی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەحزابەکانیەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە کاتی پێکهاتنیەوە، هەمیشە لەگەڵ داواو خواستە بەرحەقەکانی خەڵکی کوردستاندابوە بەلاّم هەیشە ئەم داواو خواستانەو جێبەجێبونیان لەمپەرێکی گەورەیان لەبەردەمدابوە کە ئەحزابی دەسەلاتداری کوردبون، لە خوارەوە کە ناراستیەکان بۆ بانیخێلانی راستدەکەمەوە، نمونەکانی دەلیێم.

*سەرکەوتنی ئەمەریکا بەقازانجی خەڵکی عێراقە یان دژ بە ئیرادەی ئەوە!

بانیخێلانی دەڵێت". . . ئەمڕۆ کە ئەو شەڕە بە قازانجی خەڵکی عێراق شکاوەتەوە. . . " بانیخێلانی دەبوایە ڕۆشنی بکردایەتەوە، چۆن‌و وبەپی ی کام پێوانە، ئەم شەڕە کە ئەمەریکا ئێستا تیایدا سەرکەوتوە بەقازانجی خەڵکی عێراق شکاوەتەوە. لەم بارەوە فزەی لیوە نایەت، بۆیە دەبێت فەرزێك وەربگرین، ئەویش ئەوەیە چونکە " صدام حسین و حکومەتەکەی ڕوخاوە"، ڕوخانی حکومەتی بەعس، هیوای خەڵکی عێراق بوە، جێکای خۆشحالی وشادمانی خەڵك بوە، ئەوە راستییەکە، نەك خەڵکی عێراق بەڵکو هەموو دنیا دەزانێت، بەلاّم ئەم راستی یە، بە زەڕیەك حەق ناداتە ئەمەریکا کە جەنگێك بەر پابکات‌و ژێر بینای کۆمەلگایەك کاول بکات کە کردی ، ئەمە ئێستا ئیتر بەتەنها هە ڕوانگەی ئێمەش نی یە، ملیۆنەها ئینسان لەدنیاداو چەندین حکومەتی گەورەو بچوك‌و خودی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانیش، هەر وا دەڵێن!. پاشان ئایا واقعەن هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق لە پێناو بەرژەوەندی خەڵکی عێراقدابوە؟ ئایا بوش کە بریاری دا لەعێراق بدرێت لەپێناو ئەوەدابوو کە خەڵکی عێراق مافەکانیان زەوتکراوەو، ئەمەریکا دێت مافەکانیان بۆ فەرهەم دەکات؟ ئایا لە راستیدا هێرشەکە بۆ روخاندنی دیکتاتۆر بوە؟! وەلاّمی ئەو پرسیارانە هەمووی نەخێرە. ئامانجی ئەمەریکا تەنها بالا دەستی سیاسی و ئابوری جیهانی خۆیەتی ، تەنها جێبەحێکردنی " نیزامی نوی ی جیهانی " خۆیەتی ، نیزامێك کە تیایدا تەنها خۆی بالاّ دەست بێت، بەمانایەکی تر شەڕەکە دژ بە ئەورپای یەکگرتوو روسیا وچین بوو، بەلاّم ساحەی ساخکردنەوەی کێشەکە لەعێراقدا بوو، کۆسپی بەردەم ئەمەریکا هەرگیز " صدام و بن لادن‌و ملیۆسۆڤیج" نەبوەو نی یە، کێشەی ئەو لەگەڵ وولاتانی زلهێزی دنیادایە، ئەوەنی یەئێستاکێشەکەبوە بەوەی کە چۆن عێراق بینا بکەنەوە، کە چ دەسەلاتێك دابمەزرێنن تیایدا. بەلاّم بانیخێلانی لێرەشدا دروست وەك ناسیونالستێك بەلام بی ئاگا، هەمان تێروانینی ناسیونالستەکان دوبارە دەکاتەوە، بۆ ناسیونالستەکان، هەمیشە " الغایە تبرر الوسیلە" سیاسەتێك بوە، ئامانجی ناسیونالیزمی کورد یان دروستر بلێم ئامانجی ئەحزابەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی گەیشتن بوە بەدەسەلاّت، بەهەر ڕێگایەك بێت‌و هەمو ڕێگایەکیشیان تاقیکردۆتەوە، ئەمڕۆ بۆ ئەوان جەژنە چونکە لەپاڵ گەورەترین هێزی دنیادا قەراریان گرتوە، بڕیارە لەم ڕێگایەوە بەدەسەلاّتی خۆیان بگەن، نەك ستەمی نەتەوەیی لەسەر خەڵکی کوردستان لاببەن یان لابچێت. قازانجی خەڵکی عێراق لەوەدایە کە خەڵکی عێراق بە مافە ڕەواکانی خۆیان بگەن، لە بونی ئازادی سیاسی بێقەیدو شەرت، لەجیایی دین لە دەوڵەت‌و پەروەردەو فێرکردن، لە یەکسانی ژن‌و پیاو، لە بونی ژیانێکی باشترو خۆشتر لەباری ئاستی ژیان وگوزەرانەوە، لە حکومەتێك کە خۆیان وە بە ئیرادەی خۆیان هەلیببژێرن، لە هەلوەشانەوەی تەواوی یاسا کۆنەپەرستەکانی حکومەت بەعس لە پەیوەند بەقانونی عقوبات و احوالی شەخسی و دەستوری کاتی وولات، لە دانانی یاساو دەستوری مافی یەکسانی هاوولاتی بون و سرینەوەی ئاسەواری یاساو دەستورەکان کە لەسەرپایەی نەتەوەو دین دارێژراوە، لە بڕیاردان لەسەر یاسای ریفراندۆمێکی ئازادانە بۆ خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی دەنگ بدەن بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێك. . . ئەمانە بەشێکن لەو قازانج‌و بەرژەوەندییانەی خەڵکی عێراق‌و کوردستان، کە تا ئێستا بە خوی ی چێشتیش هیچی نەك دیارنی یە ( ئەگەر بلێین جاری زوە بۆ ئەوە) بەڵکو هەر باسیشی لێوە ناکرێت، ئەوەی باسی لی دەکرێت کۆکردنەوەی عەشیرەتەکانی جبورو شەمەر و تەمیمی و العبید و پیاوانی موخابەراتی ئەمەریکی یە لەگەل کۆنە پیاوەکانی حکومەتی بەعسداو ئۆپۆزیسونی بورژوزای عێراقیش بەشێوەیەکی ڕۆشن لە کۆنگرەی لەندەندا لەمانگی ١٢ی ساڵی ڕابوردودا، سیاسەت‌و کارنامەی ڕەشی خۆی بلاو کردەوە، کە جگە لە دوبارەبونەوی دەستورو یاساکانی حکومەتی بەعس عیچی تری تیادانی یە مەگەر ئەوەی بلێن، دیمکراتی و پەرلەمانیە!!. ئەوە بەرژەوەندی و قازانجەکانی خەڵکی عێراقە، تا ئئێستا، بەلاّم بەجیا لەوە هێرشێك کە ئەمەریکا کردی بۆ سەر عێراق ڕاستەخۆ

زەوتکردنی ئیرادەو بڕیاری زۆربەی زۆری خەڵکی جیهان بوو، ملیۆنەها کەس ( هیوادارم بانیخێلانیش وەك سەرانی ئەحزابی کوردی نەلێت چەند کەسێك لە ئەوروپا نارازین و بۆ ئاگاداری بانیخێلانی بزوتنەوەی دژی جەنگ ئەمجارەیان تیایدا ئیسلامی سیاسی و ناسیونالیزمی عەرەب زور لاکەوتەو لەپەراوێزدابون) هاتنە سەر شەقامەکان وە نارەزایەتیان دەربڕی بەرامبەر بە ئەمەریکاو سیاسەتەکانی و " نا" یەکی گەورەیان دژی جەنگ ووت، لەهەمانکاتدا هێرشی ئەمەریکا ڕاستەوخۆ مانای ئەوەیە، کە بەخەڵکی عێراق دەڵێت، ئێوە شایستەی ئەوەنین، کە ژیانی خۆتان بگۆڕن، وە حکومەتێك بهێننە سەرکار کە خۆتان دەتانەوێت، بۆیە ئێمە دێین و حکومەتتان بۆ دادەنێین و بەم پێیەش ئێوە واتە خەڵکی عێراق هیچ بڕیارو ئیرادەیەکتان نی یە لە دیاریکردنی حکومەتی ئایندەی عێراقدا، ئەمە سیاسەتی ئاشکرای ئەمەریکایەوتەنانەت بەئاشکرا بە هێزەکانی ژێر باڵی خۆی لە ئۆپۆزسیونی بورژوازی عێراق دەڵێت، ئەو حکومەتی جێگا نیازی خۆی دەوێت، حکومەتێك کە پاك و پوخت ئەمەریکی بێت لەبردنەپێشەوەی سیاسەتەکانی ئەمەریکا لەناوچەکەداو بۆ پاراستنی بەرژەوەندی یەکانی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا، هەربۆیە ئەمەریکا بەزمانێکی تر ئەم ڕاستی یە بەخەڵك دەڵێت و بە ئەوروپیەکانیش ڕادەگەیەنێت، کە کەس حەقی ئەوەی نی یە دەخاڵەت لەعێراقدا بکات و ئیتر عێراق هی خۆمەو شەرم لەسەر کردوە، ڕامسفیلد بەئاشکرا دەڵێت تا " دیمکراتی مستقر نەبیت عێراق بەجێناهێڵین". ئەمە هەمان مەبدەئی مۆنرۆ یە کە لە ئەمەریکای لاتینی جێبەجێکراوە، وئێستا لە ڕۆژهەلاتی ناوەراست خەریکن جێبەجێیدەکەن، جا لەم نێوەدا خەڵکی عێراق چی لێدێت و چۆن سەرکوت دەکرێت، حکومەتەکەی چ جۆرە دیکتاتۆرێکە، هیچ مەسەلەی ئەمەریکا نی یە، هەروەك لە ئەمەریکای لاتینی لە ئەندنوسیا لە ئیسرائیل. . . دیکتاتۆرەکان جێگای ڕەزامەندی ئەمەریکان، ئەمەریکا بەقەولی گراهام فولر " چنگێکی صدامی دەوێت بەبی صدام" ئەمە ناوەرۆکی ئەصلی سیاسەتی ئەمەریکا بەیان دەکات لەعێراقدا. بەڵام گریمان ئەم جەنگە خێرو بەرەکەتێکی تێدابێت بۆ ئەحزابی دەسەلاتدار ( بی گومان بۆ خەڵکی کوردستان نا) ، ئەوە چ بەرژەوەندییەکی دژی ئینسانی یە کە ناتەبایە لە گەڵ خواست و ویستی ملیۆنەها ئینساندا، ئەوە چ بەرژەوەندییەکە کە دژایەتی هەیە لەگەل مافی سەرەتای خەڵکی کوردستاندا بۆ جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێك؟ ئەوە چ بەرژەوەندییەکە کە خوشحال و شایی دەگێڕێت بۆ کوشتنی مندالّ و کاولکردنی ژێر بیایی کۆمەڵگایەك؟! بەرژەوەندی ئینسانی یان تێڕوانینی ئینسانی بۆ بەرژەوەندی خۆ، تەبایە وە پێویستە تەبا بێت لەگەڵ بەرژەوەندی زۆربەی زۆری ئینسانەکانی دنیادا و لایەنی کەم بە دژایەتی ئەوان نەوەستێت. بەڵام ئەم جەنگ و پەلامارەی ئەمەریکا بەو گریمانەشەوە کە وتمان، ئامانجەکەی ئەوەیە، کە دەبێت یان لەگەل ئەمەریکا بیت یان دژی بیت بەقەولی بوش. یانی ڕێگا گرتن لە هەر نارەزایەتیەك کە دژ بە بەرژەوەندی ئەمەریکا بێت، یانی سەرکوتی هەر بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و ئینسان دۆست، کە بەرامبەری بوەستێتەوە لە ژێر ناوی " تیرۆر" و تورەهاتی لەم بابەتەدا. لەهەمانکاتدا یانی دەست بەسەردا گرتنی چاوگی وزە لە جیهاندا، ئەمە ئامانجی دواتری ئەمەریکایە، کاتێك عێراق وەك وولات و حکومەتێك بەپێ ی بەرژەوەندی ئەمەریکا جێگیر دەبێت، ئەوکات عێراق بەپێ ی مەوقعیەتی و ئیمکاناتی ئینسانیەکەی وەك قاعیدەو هێزێك ئەمنیەت و پاریزگاری بەرژوەندییەکانی ئەمەریکای دەکەوێتە ئەستۆ لە تەواوی خەلیجدا، وبەم پێ یەش کونترۆلکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و دیاریکردنی نرخەکەی و شێوەی فرۆشتنی هەموو نەوتی ناوچەکە یان زۆربەی زۆری لەرێگای ئەمەریکاوە دەبێت، ئەمەش مانای قورگگرتنی ئەوروپایە، بێکارکردنی ملیونەهایە لە ئەوروپا. . . لەخۆوە نی یە احمد چەلەبی ئەم پیاوەی سی ئای ئەی ، ڕادەگەیەنێت کە عێراق لە ئۆپێك دەهێنینە دەرەوە. کاتێك ئەم هێرشە بەم شێوەیە دژایەتی هەبێت لەگەل هەر هەناسەو دەنگێکی ئازاد دا، بێگومان ئەو بەرژەوەندی یە بەرژەوەندی دەستەو تاقمێکە کە هیچ پەیوەندییەکیان نی یە بە خواست و ئارەزوی ئینسانەوە، وە بەخواست و ئارەزوی " ئینسانە کور زمانەکانیشەوە".

***بێئاگایی و بێخەبەری بانیخێلانی لەکۆمەڵێك ڕاستی حاشاهەڵنەگر، نامەکەی کۆفی ئەنان!**

بانیخێلانی باسی هەندێك دیاردەو واقعیەتی ( ناواقعی ) دەکات، کە بەرۆشنی نیشانی دەدات، ئەم دۆستە ئاگای لە کۆمەلگای عێراق و کوردستان و دەستورو یاساکانی حکومەتی بەعس و سیاسەت و بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق و واقعیەتی ململانی ی سیاسی لەکوردستاندا نی یە. بانیخێلانی دەیتوانی پرسیار بکات یان لایەنی کەم هەندێك خۆی ماندو بکردایەو سەیری دەستوری کاتی عێراقی بکردایە کە لایەن حکومەتی بەعسەوە نوسراوە، یان لایەنی کم پرسیاری بکردایە بیزانیایە کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق کەی دروست بوە، یا کەمێك خۆی ماندو بکردایە، ئاگاداربوایە کە سیاسەتی حزبی ئێمە لەپەیوەند بە هەلومەرجی ئێستاو ١٣ساڵەی ڕابوردوی کوردستانەوە چی بوە؟! بەڵام ئەم دۆستە ئازیزەمان هیچ خۆی ماندو نەکردوەو شەلم کوێرم ناپارێزم کەوتۆتە هەلڕشتنی معلومات و ئێمە تاونبار دەکات و ڕوی حکومەتی بەعسیش واسپی دەکات، ئەگەر ئینسان ئاگادار نەبێت و بکەوێتە دنیای بانخێلانیەوە، دەبێت چەند سەعاتێك بۆ ڕۆیشتنی ئەم حکومەتە فرمێسك برێژێت. دەبوایە ئەم

دۆستە ئازیزەمان لایەنی کەم بۆ باسەکانی لەپەیوەند بەحزبەوە پرسیاری بکردایە بۆ ئەوەی توشی ئەم معلوماتانە نەبێت کە هەندێکی هەر لەباری تاریخشیەوە هەلەیەو ئەوی تریش هەموو کەس لەکوردستان و ئەوەی تۆزقالێك ئاگاداری کوردستان و وەزعی سیاسی کوردستانو ئەحزابەکانی بێت، دەیزانێت. بەلاٌم بێئاگایی و بێخەبەری عەیبە نی یە، ئەوەی رەوشێکی خراپو فەرهەنگێکی دواکەوتوە، ئەوەیە کە بانیخێلانی کردویەتی ، بی معلومات وبی خەبەر سیاسەتی نوسیوە لەسەرپایەی معلوماتی هەلە، ئەمەیان ئیتر بۆ کەسێك کە خۆی بەنوسەر بزانێت کوشندەیە، من لێرەدا چەند نمونە ریز دەکەم:

یەکەم/ بانیخێلانی نوسیویەتی " جا پرسیارەکە ئەوەیە کە حکك چەند دەنگ بەدەست بهێنن لە کاتێکدا لەسالٌی ١٩٩٢ کە لەئاستی کوردستاندا کراو ئەوان وەك حیزبێك بەحساب خاوەن دەنگو رەنگ بون بەتەنها (٢٥٠) دەنگیان هێنا؟) وەلاٌمی ئەم ناڕاستی و هەلبەستنی ریزە زۆر ئاسانە، چونکە لەسالٌی ١٩٩٢دا هێشتا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق پێکنەهاتبوو، وە بەمپی یە حزبێك کە نەبێت، چۆن بەشداری دەکات لە هەلٌبژاردندا، ئەمە ئیتر بەس لە فەرهەنگی بانیخێلانیدا دەدۆزرێتەوە. بۆ معلوماتی بانیخێلانی و بۆ ئەوەی جارێکی تر نەکەوێتە هەلٌەی ئاوا عەجائیباتیەوە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە مانگی تەمموزی سالٌی ١٩٩٣دا پیکهات، واتە دروست دوای سالێكو دوو مانگ بەسەر ئەو هەلبژاردنەدا کە ئەو باسی دەکات.

دووەم/ بانیخێلانی دەلٌێت". . . ئینجا حکك دێت بەهەمان ئەزمونی بەعس مامەلٌە لەگەلٌ گۆمەلٌگای کوردیدا دەکات، کە دوانزە سالٌە بەهەموو کەموکوری یەو جیاوازییەکانیانەوەو بەهەموو دەستێوەردانە هەرێمایەتییەکانەوە دەیەوێت هەر لە چوارچێوەی یەك دەولٌەتی عێراقیدا بیانهێلێتەوە، لە کاتێکدا سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان، کە ئەمەریکا ڕێبەرایەتی دەکات دابەشکردنی عێراقی دەوێت. . . . . لێرەدا لە حکك دەپرسم بۆچی بەرگری لە خەلکی فەلەستین دەکەنو داوای مافەکانی خەلٌکی فەلەستین دەکەن، بەلاٌم کە دێتە سەر مەسەلەی کورد دەیگۆڕن بۆ مەسەلەی ناسیونالستی ، ئەم هەلوێستەی حکك هەمان هەلویستی چەپە تورکەکان نییە، لە ئاست کێشەی کورد لە باکوری کوردستاندا، کاتێك وەك کەمالیستەکان بیردەکەنەوە؟" دەبێت بلێین لە بێخەبەران کەشکەك سلاٌوات. دۆستی ئازیز، ئەگەر بلێم هیچ ئاگات لە حزبو سیاسەتەکانی نی یە، ئەگەر بلێم ئاگات لەکوردستان نی یە، ئەگەر بلێم ئاگات لە ڕۆژنامەکانی حزبەکانی یەکێتی و پارتیش نی یە، ئەگەر بلێم ئاگات لە ماڵپەری کوردستان نێتیش نی یە، بڕوابکە ناحەقم نی یە، ئەوەهیچ کە ئاگاداری سیاسەتی ئەمەریکی هەر نیت. دۆستی ئازیز، سیاسەتی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لەسالٌی ١٩٩٥وە واتە هەشت سالٌ لەمەوبەرەوە لەبەرامبەر هەلومەرجی سیاسی کوردستانو ستەمی نەتەوەیی کەلەسەر خەلکی کوردستانە، سیاسەتی ریفراندومێکی گشتی و ئازادانەی بەرزکردۆتەوە بۆخەلٌکی کوردستان بۆ ئەوەی ەنگ بدەن بە مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا یان جیابونەوەو پێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ، ئەمە وەك خالێکی بەرنامەیی ، وەکو سیاسەتێکی دیاریکراویش و بەپی ی هەلومەرجی سیاسی ئەوکاتو تا ئێستاش، ئێمە ڕامانگەیاندوە کە خەلٌك دەنگ بدات بەجیابونەوەی کوردستان وپێکهێنانی دەولەتێکی سەربەخۆ، لەمبارەوە دەیان کۆڕ و دەیان هەرزار بەیانو راگەیاندنو سەدان وتارو چەندین پەیوەندی دیبلوماسی دەیان شێوەی جۆراوجۆری چالاکی سیاسی کراوە، لەسەر ئەم داوا حەقەی خەلٌکی کوردستان حزبی ئێمە درا بە دادگا لەلایەن ئەو ناسیونالستانەی کە تۆ دیفاعیان لی دەکەی . لە مانگی شوباتی ٢٠٠٠دا ئێمە دراینە داداگا لەلایەن یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوەو تاوانەکەمان ئەوەبوو کە داوای جیابونەوەی کوردستان دەکەین، ئێمەیان بەوە تاوانبار کرد کە ئەمنی قەومی کوردی دەخەینە خەتەرەوە!! لەم داوایەداو لە داداگای خۆیاندا یەکێتی نەك دۆڕاندی بەلٌکو لە ئاستی نێوخۆو جیهانیدا ریسوا بوون بەلام دوای ئەوەش چاریان نەما، هێرشی عەسکەریان کردە سەرحزب و تیرۆری ٥هاوڕی ی ئێمەیان کرد.

ئەوەی کە مامەلٌەی ئەزمونی بەعسی کردوە لە کوردستاندا، ئەوە دۆستەکانی خۆتن لە یەکێتی و پارتی ، ئەوان خۆیان بەزۆری زۆرداری بەستۆتەوە بە عێراقو دەولەتی عێراقەوە چونکە ئەمەریکاو تورکیاو ئێران پێیان ناخۆشە، یان دەلێن کاتی نی یە، ئەوە ئەوانن کە قانونەکانی حکومەتی بەعسییان بە پێستو گۆشتەوە جێبەجێدەکرد، ئەزمونی ئێمە ئەزمونی ڕازو نیازو ئارەزوو هیوای خەلٌکی کوردستان بوو، چەند سالٌە شەری ئێمەو خەباتی ئێمە لە کوردستان بۆ دیفاعە لە ئازادی سیاسی ، بنە بڕکردنی تیرۆر، یەکسانی ژنو پیاو، دیفاع لە مافەکانی کرێکاران و فەرمانبەران و موچەکانیان، دژی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیاو بەعس و ئێران، دژی هەر دیاردەو مەسەلەیەك کە دژی خەلکی کوردستان و بەرژەوەندییەکانیان بوبێت، بەلام حەتمەن دژی ئەحزابی ناسیونالستی کوردبوە، چونکە بەرژەوەندی ئەوان جیابوە لە بەرژەوەندی خەلکی کوردستان. بانیخێلانی دەیتوانی چەند دەقیقەیەك تەماشای ماڵپەری حزبی بکردایە بۆ ئەوەی توشی ئەم هەلەیە نەبوایە، لەخۆرا ئەو بوختانەی بەنێو ئێمەوە نەکردایە. ئایا ئێستا ئانیخێلانی بە سەرکردایەتی یەکێتی و پارتی دەلٌێت کە بۆ ئەزمونی بەعسیان پارساتوەو داوای جیابونەوەی کوردستانیان نەکردوەو. . . ؟ هیوادارم جورئەتی ئەوەی هەبێت. ئەوەی سەبارەت بەسیاسەتی ئەمەریکاش دەیلێت، ئەوەش وانی

یە ئەمەریکا پراگماتیزمانە حەرەکەت دەکاتو هیچی بۆ ڕۆشن نی یە، هەموو شتێکی لە ژێر مانشێتی " دیمکراتی "دا هەڵگرتوە، وبەپی ی بەرژەوەندی خۆی و بە مەقتەعو هەنگاو بەهەنگاو دەجولێتەوە. لە ژێر ئەم تیتەرەدا، جیابونەوە، خودمختاری ، فیدرالی ، جارێکی تر شەڕو ئاواربون و تێهەڵدانی ئەحزابی ناسیونالستی کورد، هەڵگیرساندنی صراعی نەتەوەیی و ئایینی و. . . هەمووی جێگای دەبێتەوە. پاشان ئەمەریکا لەهیچ شوێنێك راینەگەیاندوە کە دەیەوێت عێراق دابەشبکات، ئەمەشیان دیسان بێخەبەری بانیخێلانیە، لە سیاسەتی ئەمەریکی . تەنانەت معلوماتی لەسەر چەپەکانی تورکیاش تەواو پێچەوانەیە، چەپەکانی تورکیا موشکلەیان ئەوەیە کە پ. ك. ك و بەقەولی ئەوان "ئاپۆ" بەڕابەرو شەخسیەتێکی مارکسست دەزانن‌و بەتوندی تەئیدی دەکەن.

سێهەم/ بانیخێلانی دەلێت" سیاسەتی بەعس بنامەیەکی شوڤێنی عەرەبی هەبوو، وەهەمیشە دەیویست نەك لە عێراقدا بەڵکو لەهەموو نیشتمانی عەرەبیدا ئەو سیاسەتە بچەسپێت، هەربۆیە زۆر لە ڕۆشنبیرانی عەرەب کەوتونەتە ژێر کاریگەری ئەو سیاسەتەوە، کە بڕوایان وایە ئەوانەی لە عێراقدا دەژین بەهەر ڕەگەزو ئاین‌و ئەتنێکی جیاوازبن عێراقین، کەواتە بەپێی سیاسەتی بەعس گرینگ نی یە تۆ سەر بەکام ڕەگەزو ئایین بیت ئەوەندەی گرینگە تۆ عێراقی بیت، ئەمەش لە فەلسەفی مۆدیرندا پێی دەگوترێت کوشتنی جیاوازییەکان. " ئەم باسەی کە بانیخێلانی وەصفی حزبی بەعسی پێدەکات، ئەگەر وابوایە لەراستیدا جێگای خۆشحالی بوو، چونکە ئەوکات نە مەسەلی نەتەوەیی کورد لەعێراقدا دەبوو، نە صراعی مەزهەبی نە چەوسانەوەلەسەر مەسائیلی نەتەوەیی و مەزهەبی . پایەی ئایدۆلۆژی و سیاسی حکومەتی بەعس دروست بەپێچەوانەی نوسین‌و باسەکەی بانیخێلانییەوەیە، سەرنج بدە لە دەستوری کاتی عێراق ماددەی پێنجەم دەلێت "أ/ عێراق بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب ب/ گەلی عێراق پێکهاتوە لە دوونەتەوەی سەرەکی : نەتەوەی عەرەب‌و نەتەوەی کورد و ئەم دەستورە بریار دەدات لە سەر مافی نەتەوەیی گەلی کوردو مافە مەشروعەکانی گشت کەمە نەتەوایەتیەکان لە چوارچێوەی عێراقی یەکگرتودا. " بەم پی یە ڕۆشنە کە شوناسنامەی هاوولاتی بونی یەکسان لە قانون‌و دەستوری حکومەتی بەعسدا جێگای نەبوە، بەلکو شوناسنامەی نەتەوەیی مۆرکی ئەصلی دەستورو سیاسەتی ئەم حکومەتە فاشستە بوە، حکومەتی بەعس تەواوی عێراق وە خەڵکی عێراق بەبەشێك لە نەتەوەیی عەرەب دەزانێت، پاشان عێراق دابەش دەکات لەسەر پایەی نەتەوە، بە دوو نەتەوەی کوردو عەرەب تقسیمی دەکات، بەمپی یە ئەصل بۆ حکومەتی بەعس نەتەوە بوە نەك عێراقی بون، عێراقی بوون بەجیا لەنەتەوە و دین، یەعنی سڕینەوەی هەویەی ئاینی و نەتەوەیی ، کە کارێکە پێویستە بکرێت‌و بەقازانجی تەواوی ئینسانەکانە کە لەعێراقدا دەژین بەجیا لەوەی بەکام زمان قسەدەکەن. ئەوەی چەند ساڵە لەعێراقدا کراوە، بەهۆی صراعی قەومی یەوە، لە قەتل‌و عام و ئەنفال و کیمیای باران و شەڕی شاخ‌و مانەوەی فەرهەنگی دواکەوتوی نێو کۆمەلگا و بەهێزبونی بزوتنەوە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان، لەراستیدا بەهۆی سیاسەتێکەوە بوە کە حکومەتی بەعس تیایدا دەست پێشخەربوەو بەنزینی بەسەردا کردوە، تەنانەت سیاسەی ڕەگەزپەرستی عەرەبی کە حکومەت بەعس بێ وێنە پیادەی دەکرد، لە دەستکەوتنی کارو شوێنی نیشتەجێبونیشدا کاریگەری دادەنا، کەم نەبون کرێکارانی کورد زمان بەهۆی کورد بونیانەوە لە شەریکەی نەوت دەرکران، بی هۆ نەبوو کەسی کورد لە کۆلێجەکانی تەیرانی مەدەنی و جەنگی و لە زۆر پۆست و جێگەی هەستیاردا دانەدەنران، هەزارەها خێزان لەکەرکوك راکوێز کران بەهۆی کوردبونیانەوە. . . ئەی کەواتە عێراقی بونی چی ؟! دۆستی ئازیز. ئەگەر کوشتنی جیاوزایەکان مانای ئەوەبێت، کە جیاوازی نەتەوەیی و مەزهەبی نەمێنێت، ئەگەر کوشتنی ئەو شوناسنامە تەزویرانە بێت کە دروستکراون بۆ ئینسان، واقعەن با ئەو جیاوازیانە هەر بکوژرێن، خەڵکی عێراق بەکورد وعەرەبەوە کەمیان نەچەشتوە بە دەست صراعی نەتەوەیی یەوە، ئەوفەلسەفەیش کە یاسین بانیخێلانی ناوی دەنێت مۆدیرن واقعەن ناوەکەشی وانی یە و فەلسەفەی پۆست مۆدیرنە، کە فەلسەفەیەکی کۆنەپەرستانەو تسلیم بوە بە واقعیەتی هەڵگەڕاوەی دنیای ئەمڕۆ. دەکرێت بلێین بانیخێلانی ئاگاداری قانون‌و دەستورەکانی وولاتێك نی یە کە لەسەری دەنوسێت و لاپەرەی پێپڕدەکاتەوە.

چوارەم/ باسی موجاهیدین/ موجاهیدین چی یە، وە چکارەیە؟ لایەنی کەم بۆ بانیخێلانی و بۆ هەموو کەس ڕۆشنەو لەمبارەوە، ئەوکارانەی بانیخێلانی ژماردونی لەسەر موجاهیدین، هەمویان کاری تاوانبارانەن دژ بەئینسانن، تا ئێرە ممکنە موافق بین لەگەل نوسەردا. بەلاٚم باسی ئێمە و بەیانی ئێمە دیفاع نی یە لە موجاهدینی خەلق بەوێنەی هێزێکی سیاسی ، بەلکو دیفاعە لە حەقی معارزبون، ئێمە دەلێین، معارزبون حەقێکی مەشروعە، بۆ هەر هێزو لایەنێك، وە پێویستە وەك کاری ژورنالیستی و دبلوماسی حصانەی هەبێت، ئەوە مانای بەیانی ئێمەیە. ئێمە سیاسەتکردن بەشێوەی میکانیکی تێناگەین هەرچی دوژمنمان بوو، ئیتر دوژمنمانەو هەرچی دۆستمان ئیتر دۆستمانە با کاری خراپیش بکات، ئەوە فەرهەنگی سیاسی ئێمەنی یە، یەکەم جار ودواجاریش نی یە کە کاری وادەکەین. ئێمە لەگەل پ. ك. ك دا لە کێشمەکێشێکی سیاسیدا بوین لەکوردستان لە دژی پ. ك. ك کەمپینێکی گەورەمان رێکخست، کاتێك کەوتە هەڵخەلەتاند و فراندنی مندالانی کوردستان بۆ نێو مقەرەکانی خۆیان، لەهیچ رویەکیشەوە

ناگونجێین لەگەلیاندا، بەلاّم کە ئۆجەلان فرێندرا، یەکەم هێزبوین لەعێراقدا کە نەك هەر بەیاننامەمان دەرکرد بەڵکو لەچەندین شوێن خۆپیشاندانمان کرد چونکە پیمان وابوو وە ئێستاش پێمان وایە، کە ئەو ئینسانە حەقی معارزبونی هەیەو بەم مانیاە نابێت لەسەر مەسائیلی سیاسی زیندانی بکرێت، وە لە هەمانکاتدا پروسێسی فراندنەکەی لەلایەن دەزگاکانی موخابەراتەوە، بە پروسێسێکی تیرۆریزمی دەولەتی لەقەلەم دەدەین، کە کاریگەری سلبی دەبێت لەسەر هەر لایەنو رابەری حەرەکەتێك کە لەگەل بەرژەوەندی ئەمەریکادا نەیەتەوە، لەکوردستان لەگەل پارتی و یەکێتی تەبایمان نی یە بەلام کە فرانسۆ حەریری تیرۆر دەکرێتو کە تەقە لە بەرهەم صالح دەکرێتو کە چەکدارەکانی یەکێتی لە خێلی حەمە قەتلو عام دەکرێن لەخۆیان زیاتر هەلوێستی توند دەنوێنین. لایەنێکی تر ئەوەیە، کە ئەمەریکا لەخۆیەوە لیستێکی دناوە تیایدا خراپو باش، تیرۆریست و ناتیرۆریست، ڕەشو سپی بە بەپی ی بەرژەوەندییەکانی خۆی جیاکردۆتەوە، لەمبارەشەوە ئەم مەنتیقە بۆ ئێمە جێگای قبولّ نییە. مۆتیڤی ئێمە بۆ سیاسەت کردن بەرژەوەندی ئینسانەو هیچی تر، ئەمسەرو بۆ ئەو سەری بەرنامەی ئێمە خواستو نیازی دلّی زۆربەی هەرە زۆری ئینسانەکانی سەرزەوی یە.

دواین خالّ کە پێویستە باسی یکەم نامەکەی تاهیر حەسەنە بۆ کۆفی ئەنان، تاهیر لە مەنتقی سیاسەتی حزب و بڕوای قولّی حزبەوە بە یەکسانی ئینسانەکانی و ئازادی ئینسانەکان نامەیەکی نوسیوە بۆ کۆفی ئەنان وەك سکرتێری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانو ئاگاداری دەکاتەوە لە خەتەری فەزاو کەشێکی سیاسی لە عێراقو بەتایبەتی لە شاری کەرکوکداو پی ی دەلێت، پێویستە بە مسئوللیەتی خۆتان هەستن، باسەکەی باسێکی گشتی نی یە بۆ هەموو کات، باسێکە لەپەیوەند بەهەلومەرجی ئێستاوە، بەڕۆشنی لەنامەکەدا هاتوە، کە مافی نیشتەجێبون و ئازادی نیشتەجیبون، مافی هەر ئینسانێکە لەهەرکوی ی دنیا بژیت جا چ جای بگات بەوەی لە نێو وولاتێکدا، ئەمە ئەصلی مەسەلەیە. حکومەتی فاشستی تورکیا وعەسابەکانی کە دروستی کردونو لەژێر ناوی جۆراوجۆردا خۆیان ڕێکخستوە، دەلێن کەرکوك تورکمانی یە ( بەقەولی سەرانی یەکێتی وپارتی دۆستەکانی کورد) ، وەهەروەها حکومەتی فاشستی بەعس بەخۆشی یان بەزۆر هەزارەها مالّی عەرەب زمانی راپیچّی کەرکوك کردوە، ئەویش دەیوت کەرکوك عەرەبی یە، سەرانی ئەحزابی ناسیونالستی کوردیش دەلێن کەرکوك کوردی یە ( ئەوەی کەرکوك چی یە، تەنها لەکاتی جیابونەوەی کوردستاندا مانا پەیدا دەکات، ئەویش ڕێگای شارستانی خۆی هەیە، کە دەنگدانێکی گشتی و ئازادانەیە لەم شارەدا، خۆ یەکێتی وپارتی تا ئێستاش شەهامەتی باسی جیابونەوەیان نی یە) . لەحالەتێکی وادا، ئەگەر سیاسەتێکی ئینسانی نەبێت، ئەگەر خەلّکی کەرکوك جۆش نەدرێت بەهاوپشتی و هاوگوزەرانی ئینسانی ، ئەگەر هەستی نەتەوەیی کپ نەکرێتەوەو دەستی بەسەردا نەگیرێت، ئەوا معلومە قەتلو عامی نەتەوەیی دەست پێدەکات، کە بەزەرەری هەموولایەك و بەزەرەری ئینسانیەتە، ئێمە دەلّێین دەبێت پێشبگیرێت بەم کارەساتە، دەلّیین نابێت ڕوداوەکانی سالّی ١٩٥٩ دوبارە بێتەوە. ئەونامەیەی بانیخێلانی باسی دەکات لە کۆبونەوەی تاهیر حەسەن لەگەلّ کرێکارانی شەریکەی نەوت لە کەرکوك لە باخچەی عەرەفە خوێندرایەوەو توزیعکرا، جێگای ڕەزامەندی هەموان بو بە کوردو عەرەبو تورکمانەوە، کە زیاتر لە ٢٠٠٠ کرێکار بەشداری تێدا کرد. بەلاّم لایەنێکی ئەصلی مەسەلەکە ئەحزابی دەسەلاّتداری کوردی یە. دۆستی ئازیز، ئەم دوحزبە لەماوەی زیاتر لە ١٠ سالّ دەسەلاتدارێتیاندا، بۆ ئەوەی خۆیان لە حکومەتی دڕندەی تورکیا نزیك بکەنەوە، بەهەموو شێوەیەك کۆمەکی ڕێکخراوە دروستکراوەکانی تورکیایان دەکرد، وەنەیان دەتوانی وانەکەن. کاتێك پارتی سوپای تورکیا رادەکێشێت بۆ شەقلاوە بۆ ئەوەی کۆمەکی بکات دژی یەکێتی ، ئیتر چۆن هەموو کارێك بۆ ریکخراوە تورکمانەکان ناکات، تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لە سلێمانی زەوی بەسەر تورکمانەکاندا ( دیارە پیاوانی میتی تورکی ) توزیع بکرێت، کە ئەم شارە لە مێژویی خۆیدا تورکمانی بەخۆە نەدیوە، دیارە ئێستا بەهێز بون لی یان بونەتە بەلا، یان بەکوردی بلّێین تورکیا پیاوەتی هەیە بەسەریانەوە. بەکورتی دەمانەوی لە ژێر ناوی نەتەوەو نەتەوە پەرستیدا، ئینسانەکان نەکەونە گیانی یەکتری ، ئەمە سیاسەتی ئێمەیە، بەقازانجی سرینەوەی شوناسنامەی تەویرو جێخستنی شوناسنامەی ئینسانی .

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە دەربڕینی بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی ، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.